**شانۆنامە ی**

# دەربارەی زیانەکانی تووتن

**نووسینی**

**ئەنتوان چیخۆف**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:**

**ڕە حمان عە زیزی**

**کەسایتی:**

**ئیوان ئیمانوێڵ نیوخین – پیاوێکی بەساڵاچوو – ٥٥ ساڵانە – سمێڵێکی درێژ و دوو لایەنی هەیە-فراکی کۆنی « جل و بەرگی فۆڕمی»لە بەر دایە**

**شوێن: سەر تەختی شانۆ – کە مێز ئامادە کراوە بۆ بەڕێوەچوونی پانیلی زانستی و قسەکردن.**

**ئیوان ئیمانوێڵ نیوخین (دێتە ژووری  لەبەردەم ئامادەبوواندا کڕنۆش دەبات. جلیقەی خۆی ڕێکدەخات و دەچێت بۆلای کورسی و سەندەڵیەک و خۆی ئامادە دەکات بۆ قسە کردن)**

**ئیوان نیوخین:**

**(خوی ڕێکوپێک دە کات وکڕنووش دەبات بۆ ئامادەبووان. )**

**خانمە بەڕێزەکان،**

**وەک هەمیشە بەڕێزان.**

**ئاغا و برایانی خۆشەویست.**

**ئامادەبووانی ئازیز**

**(کوتم و ڕۆحی خۆم ئازاد کرد)**

**بە ژنەکەم.....**

**......(بە گرێنگی زیاتر ) واتە خێزانم، ........**

**...(بە گرێنگی دووبارە)هاوسەرەکەم،......**

**پێشنیار کرابوو کە من بێمە ئێرە و بە قازانج و سوودی دەزگای خێرخوازی، بە شێوەیەکی خۆبەخشانە پانیلێکی زانستی سادە و خۆماڵی بۆ ئەوەی هەموو تێبگەن، بەڕێوە بەرم و قسەتان بۆ بکەم.**

**(بێدە نگی)**

**دەی زۆر چاکە،**

**دەبێ کۆنفڕانسی بکەین؟**

**بەڵێ زۆ باشە، کۆنفڕانس دەکەین**

**بۆ من هیچ جیاوازییەک نیە . هەمووی و ه ك یەکە بۆ من.**

**هەڵبەت من مامۆستای زانکۆ نیم و هیچ شارەزایی و هیچ بڕوانامەیەکی زانستیم لە زانکۆ وەرنەگرتووە.**

**بە هەرحاڵ سی ساڵی تەواوە بێ کەمترین کات ڕاوەستان.**

**و دەشکرێت بڵێین بێگرینگی دان بە سلامەتی و لەشساغی خۆم و زۆر شتی دیکە لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی زانستی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و تێفکرین و بیر و خەیاڵم کردووە.**

**بیهێنە بەرچاوتان، زۆرجاریش دەنووسم.**

بابەتی زانستی دەنووسم.

هەڵبەت نە زۆر زانستی، بەڵکوو شتێکە وەک زانستی، ئەدەبی، هونەری، شانۆیی.

هەرچەند ڕۆژێک لەوە پێش بابەتێکی زۆر دوور و درێژم سەبارەت بە زەرەر و زیانی جرووجانەوەر و مێش و مەگەز نووسی .

کچەکانم لەو بابەتە زاستییەم بەتایبەت ئەو بەشەی وا بە کێچ و ئەسپێ پێوەندی و زانیاری هەبوو، زۆریان پێ خۆش بوو.

بەڵام ئەوکاتەی وا پێداچوونەوەم پێ کرد، دڕاندم.

ئەم کارە چ سوودێکی هەیە؟

ئینسان هەرچییەکیش بنووسێت لە ئاکامدا ناچار دەبێت پەنا بەرێت بۆ مێشوولەکوژەکان.

باوەڕم پێ بکن ئامێر و دەزگا پیانۆکەی ماڵێشمان کێچی هەهە.

بەڵێ، ئەم بابەتەی وا ئەمڕۆ هەڵمبژاردووە کە باس و قسەتان بۆ بکەم، سەبارەت بە زەرەر و زیانەکانی جگەرە و دووکەڵی ٠سیگار و بەکارهێنانی لە لایەن ئینسانەوەیە.

هەڵبەت بۆخۆم جگەرەکێش و سیگاریم.

بەڵام هەر لەبەر ئەوەی خانمەکەم،

خێزانم،

ژنەکەم فەرمانی پێکردم و ئەمری کردووە کە ئەمڕۆ سەبارەت بە تووتن و جگەرە کۆنفرانس بدەین و قسەتان بۆ بکەم، قسە لە قسەیدا ناکەم و بەجێم هێناوە.

سەبارەت بە تووتن؟

باشە! سەبارەت بە تووتن

، مادام دەیانەوێ با لەسەر زیانەکانی تووتن بێ.

بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە.

بەڵام ئامادەبوانی ئازیز زۆر بە تێرادوویی و متمانە و بە قووەتەوە داواتان لێ دەکەم گوێ بدەنە قسەکانی من.

ئازیزان پێشنیار دەکەم زۆر بە جددیانە بابەتەکەوەربگرن،

دڵی بەدەنی و ژیری و هۆش و هەواستان لێرە بێت.

ئەگەر وانەبێ...............

ئەگینا...... ترسم لەوەیە قسەمان بۆ ساز کەن........یا هەندێ شت ڕوودەدات بە دڵی ئێمە نابێت

بەڵام هەرکەسێک لە کۆنفرانسی زانستی دەترسێت، یا خۆ دەترسێ وتارەکە وشک بێت. پێ خۆش نیە و بە دڵی نەبێت، دەتوانێ گوێ نەداتێ. ئەم هۆڵە بەجێ بهێڵێت و بچێتە دەرێ

(پاڵتۆکەی چاک دەکات.)

بەتایبەت لە برایانی دوکتۆرمان، ئەوانەی وا لێرە حازرن.

تکات لێ دەکەم.

گرینگییەکی تایبەتی بدەن

گوێ بدەنێ. .........

چونکە ئەوان زۆر دەتوانن سوودێکی زۆر لە قسەکانی من وەرگرن.

چونکە تووتن بێجگە لە زەرەر و زیانەکانی لە زانستی پزیشکی و دوکتۆریدا بە کاری دێنن.

بۆ وێنە ئەگەر مێشێک لە نێو قوتووی تەنەکە زیندانی بکەین، زۆر بە یەقین و باوەڕەوە دەڵێم بەهۆی تێکچوونی مێشکەوە دەمرێت.

تووتن یەک جۆر گیایە

(بێدەسەڵات چاو دادەگرێ.)

من هەرکات کۆنفڕانس بەڕێوە دەبەم.

کاتی خوێندنەوەی وتارەکەم بێدەسەڵات بە چاوی ڕاستم چاو دادەگرم.

تکایە ئێوە گرینگی پێ مەدەن.

ئەمە لە هەستەوەیە.

جۆرە هەستێک.........

دەبێت بڵێم بە گشتی من ئینسانێکی زۆر بە دەمار و عەسەبی و توڕەم .........

ئەم چاوترووکاندن و چاوداگرتنەی من لە ١٣ی سیپتامبری ١٨٨٩...........

یانی ئەوکاتی وا ...

یانی دروست ئەو ڕۆژەی وا «باربارا» کچە چوارەمەکەم لە دایک بوو و هاتە دونیاوە

بەڵێ..........

(چاو لە کاتژمێرەکەی دەکات)

بەڵێ لەبەر ئەوەی وا کاتمان کەم ماوە، ئیزن بفەرموون کە لە بابەتەکەی خۆمان لا نەدەین.

لێرەدا پێویستە بڵێم کە خێزانم بەرپرسی یەک فێرگەی مۆسیقا و پانسیۆنی نوستنی تایبەت .....یانی نە پانسیۆن بەڵکوو شتێک وەک پانسیۆنە.

لە بەینی خۆماندا بێت ئە عاشقی ئەوەیە لەم کەم و کۆڕیانە دەست بکات بە بۆڵەبۆڵ و گلەیی.........

بەڵام بێ ئەوەی ئێمە بزانین و دوور لە چاوی ئێمەشتێکی وەلا ناوە. چل پەنجا هەزار ڕوبلێک.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە من فلسێکم لە گیرفاندا نیە.

بەڵام کوتنی ئەم قسانە چ سوودێکی هەیە.

لە پانسیۆنی ژنەکەم، کاردەکەم

بەندە ڕاوێژکار و بەرپرس و چاوەدێری خەرج و موخارجم.

شتومەک دەکڕم.

لەسەر کاری کارکەرەکان چاوەدێری دەکەم.

حیساب و کیتاب دەکەم.

دەفتەرەکان پێکەو دەدوورم.

کێچ دەکووژم.

سەگە بچکۆلەکەی ژنەکەم دەگەڕێنم.

مشک دەگرم.

دوێنێ شەو وەک ئەرکی خۆم دەبوایە بۆ چێشتخانەکەی پانسیۆنەکە ئارد و ڕۆنم بدایە بە چێشتەکەر.

چونکە قەرار بوو کوللێرە ساز کەن.

بەهەرحاڵ کاتێک کوللێرە ساز بوو، ژنەکەم هاتە چێشتخانە و خەبەری دا کە سێ کچی لە خوێندکارەکان ی پانسیۆنەکە گەروویان هاتووە و لەوزەیان ماسیوە و بۆیان ناخورێت.

بەم جۆرە بوو چەند دانە کوللێرە ئیزافە هات.

ماوە بە سەر دەستماندا.

دەی دەفەرموون چیمان لێبکردبایە

ژنەکەم لە پێشدا ئەمری کرد بیبەم بۆ سەرداوەکە.

دوایی فکری کردەوە و گەڕاوە و بە منی کوت:

بۆخۆت بیخۆ داهۆڵ

ئاخە هەرکات ئەو توورە بێت و لەسەرخۆ نەبێت پێم دەڵێ: داهۆڵ، مارمێلک، بەچکەمار، شەیتان و ئیبلیس

بەڵام ئاخە من کوێم لە ئیبلیس و شەیتان دەچێت؟

لێگەڕێن، ئە و هیچ کاتیش لەسەر خۆی نیە، حاڵی تەواو نیە

هەڵبەت من کوللێرەکانم نەخوارد، بەڵکوو بێئەوەی بیجاوم هەر بە ساغی قووتم دا.

هەر دوێنێ ژنەکەم ئیزنی پێ نەدام نانی نیوەڕۆ بخۆم، دەیکوت:

«پێویست و لازم ناکات زگی داهۆڵ تێر بکەم»

بەڵام....

(چاو لە کاتژمێرەکەی دەکات)

چەناکەمان گەرم بوو تۆزێک لە باسەکەمان دوور کەوتینەوە

بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان

هەرچەند دەزانم ئێستا پێتان خۆش بوو گوێ لە پارچە مۆسیقایەک ڕاگرن و یا خۆ دەنگی گۆرانییەکتان گوێ لێ بوایەت

یا خۆ ئۆپێرایەک

(ئۆپێرایەک دەخوێنێت)

نالەرزێت دەستمان لە گەرماوگەرمی مەیدانی شەر.........

بەڕاستی لە بیرم نایەت ئەم گۆرانیەم لە کوێ بیستووە

لەبیرم چوو پێتان بڵێم لە ناوەندی فێرگەی مۆسیقای ژنەکەم بێجگە لە بەشی کاروباری ماڵی، وانەی حیساب، فیزیک، کیمیا، مێژوو، جوغڕافیا، ئەدەبیات و چەند شتیتریش دەڵێمەوە و بە ئەستۆی منە.

هەرچەند مامۆستای سەما و گۆرانیشم، بەڵام ئەو برە پارەیەی وا قوتابییەکان بۆ سەما و گۆرانی و ڕەسم و شانۆ دەیدەن.

یەکسەر بە تەواوی سەرەوخوار دەبێتەوە و دەچێتە گیرفانی ژنەکەمەوە.

دەزانن، بۆ ئاگاداریتان ڕادەگەیەنم فێرگەی مۆسیقاکەمان لە کۆڵانی بیاتی سوباچی، ژمارە ١٣یە.

بەدبەختی و چارەڕەشی ئەم ١٣یە تەواوی ژیانی منی داگرتووە.

تازە ئەوە هیچ.

نە تەنیا کچەکانم لە ١٣ی مانگدا لە دایک بوون

بەڵکوو ڕووکاری ماڵەکەشمان ١٣ پەنجەرەی هەیە

ببوورن ... با لێگەڕێین، ئەم قسانە چ سوودێکی هەیە.

لەگەڵ ژنەکەم دەتوانن بۆ گفتوگۆ و وەرگرتی هەر چەشنە زانیارییەک لە تەواو کاتی ڕۆژدا بێن و دیداری بکەن.

بەڵام ئەگەر کەسێک خوازیارە و دەیەوێت زانیاری باشتر و زیاتر وەرگرێت و بزانێت بەرنامەی کارمان چیە، دەتوانێ خشتە و کاتەلۆگی فێرگەکەمان بە نرخی ٣٠ کوپک لە درگاوانی فێرگەکەمان بکڕێ.

فەرموون ئەگەر ئەوگرن منیش دەتوانم بیدەمە خزمەتتان

هەر بەرگ بە سی کوپک

(چەند پەڕەیەک لە گیرفانی دەردەکات )

و ئەگەر ویستان دەتوانم من پێتان بدەم بە ٣٠ کۆبیک، کێ دەیەوێت؟

( ماوەیەکی بێدەنگیی )

کەس نایەوێت؟ باشە، بە ٢٠ کۆبیک

( !ماوەیەکی بێدەنگیی)

جێی داخە........

بەڵێ ماڵی ژمارە ١٣

لە هیچ کارێکدا سەرکەوتوو نابم.

هیچ کارێکم تا سەر بۆ ناچێت

پیر بووم

خەرەفاوم

بۆ وێنە هەر ئێستا کە من خەریکم ئەم قسانەتان بۆ دەکەم، خەریکم لێرە پانێلی زانستیتان بۆ بەڕێوە دەبەم،

کەیف خۆشم؟

سەرەحاڵم؟

ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەمەوێ پڕ بە گەروو هاوار بکەم. هەڵفڕم و پەنا بۆ کێوی قاف بەرم.

کەسیشم نیە دانیشم دەردەدڵی بۆ بکەم.

تەنانەت گریانیشم دێت ...

ڕەنگە بڵێن ئەی کچەکانت ...؟

ژنەکەم حەوت کچی هەیە

نا ببوورن پێم وایە شەش کچ ...

نا حەوت ...

لێن کچەگەورەکەی ژنەکەم بیست و حەوت ساڵیەتی و کچەچکۆلەکەی حەڤدە ساڵ

ئاغایانی ڕێزدار و برایانی بەڕێز

من ئینسانێکی زۆر بەدبەخت و چارەڕەشم.

بوومەتە گیانلەبەرێکی هیچ و بێمێشک.

بەڵام لە ڕاستیدا ئێوە لە بەرانبەری خۆتاندا یەکێک لە بەختەوەرترین و خۆشبەختترین باوکانی دونیا دەبینن

لە ڕاستیدا دەبێ واش بێت و من لە خۆم ڕانابینم شتێک زیاتر لەوە بڵێم و دژی ئەمەتان پێ بڵێم. بریا بتانزانیبایە

سی و سێ ساڵ پڕ لە بەختەوەری و خۆشبەختی لە یەک چاوتروکاندن تێپەڕی و ڕۆیشت.

بەڵام ئەگەر ڕاستیەکەتان بوێت، تەک بەزیاد نەبێت لەو حاڵە، مردووشۆر بیبات

(دەور و بەری خۆی چاو لێ دەکات)

پێم وایە ژنەکەم ئێستاش نەهاتووە

من کە نایبینم

کەوایە هەرچی دڵم پێی خۆش بێت دەتوانم بیڵێم ...

من زۆری لێ دەترسم

کاتێک چاوم لێ دەکات ترس و لەرز و دڵەڕاوکێ دەمگرێت

بەڵێ ... چیم دەکوت؟

کچەکانم، ڕەنگە تا ئێستا شوویان نەکردبێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە زۆر شەرمێونن و تا ئێستا چاوی هیچ پیاوێک نەیتوانیوە بیانبینێت.

ئاخر ژنەکەم پێی خۆش نیە میوانی بدت، کەس بۆ خواردنی شەو بانگێشتن ناکات.

ئێوە نازانن چەندە پیسکەیە و بۆڵەبۆڵ دەکات و عەیب و ئیراد دەگرێت

هەر لەبەر ئەوەش کەس نایەت بۆ ماڵمان

بەڵام دەمەوێ ڕازێکتان پێ بڵێم.

نهێنییێکتان بۆ بدرکێنم

با لە بەینی خۆماندا بێت

(دەچێتە پێشەوە)

کچەکانی ژنەکەم دەتوانن ڕۆژانی جێژن لە ماڵی پووریان «ناتالیا سیمیونا» ببینن.

مەبەستم هەر ئەو پوورەیەتی وا نەخۆشی ڕۆماتیسمی باداری هەیە.

کراسێکی زەردی پڕ لە خاڵی ڕەش و گوڵی ورد وردی پێوەیە.

ئینسان پێی وایە لەسەر کراسەکەی قالۆنچەی پێوەیە، پێیدا هەڵدەگەڕێت.

سەرسفرەی ئەم پوورە لە ڕۆژانی جەژن پڕە لە خواردەمەنی

کاتێ ژنەکەم لەوێ نەبێت دەتوانین پێکێک هەڵاوین

دەبێ بڵێم من بۆخۆم بە پێکێک شەڕاب مەستی مەست دەبم، سەرخۆشی سەرخۆش

ڕۆحم دەگەشێتەوە

هەر لەو کاتەشدا خەم و پەژارە دامدەگرێت

کە زمانم لە ئاستیدا گۆ ناکات بۆتان بگێڕمەوە

لەو جۆرە کاتەدا نازانم بۆ وەبیر ڕۆژگاری لاویم دەکەومەوە

نازانم بۆ دڵم پێی خۆشە بفڕم و هەڵێم

ئا ... بریا ... بتانزانیبایە چەندە دڵم دەیەوێ هەڵێم، بفڕم

(زۆر بە خۆشحاڵیەوە)

هەڵێم

دەست لە هەموو شتێک هەڵگرم و بێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە، هەڵێم

بۆ کوێ؟ گرینگ نیە

تەنیا دەمەوێ لەم ژیانە بێبایەخ و هیچ و پووچ و بەکەڵک نەهاتووە کە خەرەفاندوومی، پیری کردووم، قیزاوی کردووم، وای لێ کردووم بێز لە خۆم بکەم، هەڵێم

لە دەست ژنەکەم، ئەو ژنە پیسکە و بێمێشک و جلف و بێئەخلاق و جنێوفرۆش و بەدڕەوشتی نەفامی خولێرکاوی کە سی و سێ ساڵە ئازاری لەش و ڕۆح و گیانم دەدات هەڵێم

لە دەست مۆسیقا و چێشتخانە و پووڵ و پارەی ژنەکەم و لەو هەموو گەندەڵی و پیسیە هەڵێم

بۆ جێگایەکی دووری دووری دوور، زۆر دوور، ئەوەندە دوور لە نێو بیابان‌دا لە ژێر دارێک یا داهۆڵێکی سەر مووچە و مەزرا.

لە ژێر ئاسمانی پان و بەریندا ڕاوەستم.

لە سەراسەری شەودا ڕوو لە مانگی ئارام و ڕۆشن کە لەو سەرە دەدرەوشێت، بکەم و لە بیر بەرمەوە، لە بیری بەرمەوە

ئای چەندەم پێ خۆشە، ئای کە چەندە دڵم دەیەوێت هەمووشتێک لە بیر بەرمەوە

چەندم پێ خۆشە، چەندە دڵم پێ خۆشە لەم کەوا شڕ و بێئەرزشە کە سی و سێ ساڵ لەوە پێش لە مەڕاسیمی زەماوەندەکەمدا لەبەرم کردووە، خەلاسیم بێت

(کەواکەی دادەکەنێت)

هەر ئەم کەوایەی وا هەر کات بۆ دەزگا خێرخوازیەکان کۆبوونەوە دەبێت و دێم قسە دەکەم، لەبەری دەکەم.

ها بیگرە

(کەواکە دەخاتە ژێر پێ و پێشێلی دەکات)

حەقتە، من پیرم، فەقیرم و وەک ئە کەوایە کە شیتاڵ شیتاڵ بووە، قیز هێنەرم

من هیچم پێویست نیە، من زۆر باشتر و لەسەرتر و گەورەتر و پاکتر لەم قسانەم.

من زەمانێک لاو و فرز بووم، لە زانکۆ دەرسم خوێندووە، من خۆم پێ ئینسان بوو.

بەڵام ئێستا چی، هیچ شتێکم ناوێت، پێویستیم بە هیچ شتێک نیە، تەنیا ئارامی نەبێ

تەنیا ئاسوودەیی

(چاو لە جێگایەک دەکات، بە پەلە هەڵدەستێت و کەواکەی لەبەر دەکات)

ژنەکە لە پشت دیکۆڕەکەیە

هاتووە چاوەڕێی منە

(چاو لە کاتژمێرەکەی دەکات)

کات تەواو بووە

ئەگەر لێتانی پرسی و پرسیاری لێ کردن، تکاتان لێ دەکەم بفەرموون کە قسەی کردووە و خووو ڕەوشتی داهۆڵ کە یانی خوو و ڕەوشتی من، زۆر شایانی باسە و پێتان باش بووە.

(چاو لە جێگایەک دەکات و دەقۆخێت)

ئەوە چاوم لێ دەکات ...

(دەنگی هەڵدێنێت)

هەر بەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیە کە تووتن ژەهرێکی زۆر مەترسیدارە و هەروەها چەند چرکە لەوە پێش ئاماژەم پێ کرد نابێ بە هیچ جۆرێک و هیچ چەشنێک جگەرە بکێشن و من بە خۆم ئەو ئیزنە دەدەم کە هیوادار بم کۆنفەڕانسی ئەمڕۆکەم کە سەبارت بە زەرەر و زیانەکانی تووتن بوو بەکەڵک هاتبێت.

ڕۆژگارێکی خۆش، من هیچ وتەیەکی دیکەم نیە.

**(کڕنووش دەبات و دەچێتە دە رە وە)**

**سرچاوە :**

**تک‌پرده‌ای‌های چخوف/ مضرات دخانیات در شاهراه- ترجمه و گردآوری داریوش مودبیان**

**طنزآوران جهان نمایش مترجم :داریوش مودبیان**

**در مضرات دخانیات- آنتوان چخوف -مترجم: سروژ استپانیان**